# زانیاری کوورت سەبارەت بە مافی پەناهەندەیی لە مەجەرستان

تۆ لە مەجەرستانیت. زمانی فەرمی وڵات مەجەریە. مەجەرستان ئەندامی یەکیەتی ئەوروپایە، وکەوتۆتە نیوجەرگی ئەروپا.

Hungarian Helsinki Committee

لە کەمپی پەنابەراندا جێگە وخواردن وەردەگریت. گەرەکە کارتێکی نیشتە جێبوونی مرۆڤایەتیت پێ بدرێت، کە زانیاریە گرنگەکانی لە جۆگرتبێت سەبارەت بە کەسایەتیت. گەر کێشەی تەندەروستیت هەیە، یا هەست بە نا ئارامی دەکەیت، یاخودلە حاڵەتی دەستبەسەردایت )توقیت( ئەوە پزیشکی پسپۆر لە کەمپەکەدا هەیە، بۆت هەیە خزمەتی تەندروستی گشتی وەربگریت.

گەر لە کەمپەکەدا پەیویستیت هەبوو بە پارێزەر بوو، بگەڕێ بە دووی پارێزەری کۆمیتەی هەلسنکی مەجەرستان. ئەو پارێزەرە بە بێ بەرامبەر، هاوکاریت دەکات وپارە وەرناگرێت.

لە باژێرەی بیچکەدا، پارێزەری هەلسنکی هەموو چوارشەممەیەک لەکەمپەکەدا ئامادەدەبێت. بەڵام لەم باژێرانەدا، کە لە خوارەوە ناویان هاتوە، هەفتەی یەک جار پارێزەر ئامادەدەبێت. باشترە، کە پرسیار لە کارمەندانی سۆشیال بکەیت، سەبارەت بەکات ورۆژی ئامادەبوونی ئەو پارێزەرە.

(ڤامۆش سابادی، بۆ بالاشاجارمات، بێکیش چابا، ناج فا، نیرباتۆر، هۆد مەزو ڤاشار هەی،

گەر ناتوانیت بخەویت، یاخود شتی بێزارکەر بیرت دێتەوە، یا هەڵدەچیت، ئەوکاتە لەکەمپەکەدا بگەڕێ بەدووی پزیشکان ودەروونناسانی دامەزراوەی کۆردیلیا.

لە ١ ی مانگی هەشتی (ئاوگوست) ٢٠١٥دا یاسای نۆی دەرچووە سەبارەت بە وەرگرتنی پەنابەر کە بەم جۆرەیە:.
لەئێستا سنووری مەجەرستان - سەربیا، وسنووری مەجەرستان - کرواتیا بە پەرژین داخراون. لە پەرژینی سنووردا چوار شۆێنی پەرینەوە )ترانزیت( هەن، کە دەکەونە رویسکە، وتۆمپا، ولەەتەنیە، وپەرەمەند، وە لەم خاڵە سنووریانەدا فەرمانبەر وکۆنتێنەر دانراون، لەوەێ بۆت هەیە داوای پەنابەری بکەیت، گەر هاتو بە نایاسایی سنوورت بەزاند ولەو شوێنە نە هاتیتە ناو مەجرستان، ئەو دەمە بە گۆیرەی یاسای نۆێ تاوانباریت، وە وەکو سزادان بۆیان هەیە بتگەڕێننەوە بۆ سەربیا، یان بۆ کرواتیا، جگە لەمە، بۆ چەند ساڵێک، هاتنت بۆ ئەورۆپا لێ قەدەغە دەکرێت. ئەماوەی چاوەڕێی گەڕانەوە دەکەیت بۆ سەربیا یا کرواتیا، تا دەتگەڕێنەوە، دەبێ لە زینداندا کاتەکە بەسەربەریت، خۆ. گەر بەنیازی داوای پەنابەری بکەیت، دەبێ لەکاتی دادگایکردندا ئەو داوایە بە دادوەر )قازی( بکەیت، بەڵام دواتریش، کە چاوەڕێ دەرکردن دەکەی، بۆت هەیە داوای پەنابەری بکەیت، هێندە هەیە تا داواکەت یەکالا دەبێتەوە، دەبێ چاوەڕێ بکەیت.

سەبارەت بە داوای پەنابەرێکەت، فەرمانگای کۆچکبەران، لەئێستادا بە ٤ شێوە بڕیار دەربارەی دەدات:

١ جێ بەجێکردنی سەر سنوور: گەر داواکەت لە شۆێنی ترانزیتدا پێش کەش بکەیت، ئەوە لەو کاتەدا فەرمانگای کۆچبەران لەماوەی ٨ ڕۆژدا بڕیار ئەدات لەسەر کێسەکەت دەدات. ئەو مرۆڤانە، کە بە تەنهان (سەڵتن)، لەو ماوەدا هەر لە شۆێنی ترانزیت دەمێننەوە، ئەوانەش، کە خێزاندارن ومنداڵی بچکۆلەیان هەیە، دیانبەن بۆ کەمپی پەنابەران. ئەو پەڕی ٤ هەفتە لە شۆنی ترانزیتدا دەمێنیتەوە ، دوای ئەوە، گەر کێسەکەی وڵام نەدریەوە، دەبێ ڕێگەی پێبدرێت بۆ چوونە ناو وڵات. لە سنووردا، تەنها پرسیاری ئەوە لە پەنابەر دەکەن، کە لە کۆیوە هاتووە؟ وە ئایا لەسەربیا، یان لەکرواتیادا داوای پەنابەریەتی کردوە؟

٢ داوای قبوڵنەکراو: گەر لەوڵاتێک دیکە، پێشتر مافی پەنابەریت وەرگرتووە، یان ئەمە یەکەمین جار نیە، کە داوای پەنابەری دەکەیت، وە شتێکی نوێ لە کێسەکەتدا نیە، یان لەڕێگای « سێیەمین وڵاتێ ئامان» گەیشتویتەتە مەجەرستان، لەم حالەتەدا فەرمانگەی کۆچبەران هەر لەوێدا داواکەت طەتدەکاتەوە.

« سێیەمین وڵاتێ ئامان (سەقامگیرا)» مەجەرستان، سەربیا بە وڵاتێکی ئەمان دەزانێت، وڵاتێکە پەنابەرەکان دەپارێزێت. بە گۆیرەی فەرمانگەی کـۆچـبەران، ئەو کەسانەی، کە لەرێگەی سەربیاوە گەشتوون، لە مەجەرستاندا مافی وەرگرتنی پارێزەریان نیە، چونکە دەبوو لە سەربیا داوای پەنابەری بکەن. خۆ گەر کەسێک نایەوێت بیگەرێننەوە بۆ سەربیا، دەبێ ڕوونی بکاتەوە، کە بۆچی سەربیا بۆ پەنابەر ئامان نیە، وە بۆچی ناتوانێت هاوکاری پارێز وەربگریت. ئەم زانیاریانە بنووسە، و واژی بکەوە، وە لە ماوەی ٣ ڕۆژدا تەسلیمی فەرمانگەی کـۆچـبەران بکە. دەسەڵات ماوەی ٨ ڕۆژی هەیە بۆ بڕیاردان، لەسەر دۆسێکەت لەم حاڵەتەدا پەیویستی بە گۆێگرتن (ئینتەرڤیو) لەتۆ نیە. بۆیە هەوڵبدە باش ڕوونی بکەیتەوە، کە چ کێشەیەکت هەبووە، وبۆچی سەربیا بۆ تۆ وڵاتێکی ئەمان نیە!

٣ جێ بەجـێکردنی خـێرا: فەرمانگەی کـۆچـبەران لە ژێر ڕۆشنایی زۆر هۆکاردا دەتوانێت بریار لەسەر جێ بە جێکردنێکی خێرا بدات، سەبارەت بەداوای پەنابەرێکەت. بۆ نموونە، گەر تۆ لەکاتی گـۆێگرتندا، بە فەرمانگەی کـۆچـبەران، ژیانت لە وڵاتەکەتدا پارێزراوە وڵاتەکەت ئەمانی تێدایە، یان ناوی خۆتـو وڵاتەکەتـت گـۆڕیوە، یان بەڵگەنامە ڕاستەقـیـنەکانت لەناوبردوە (وەک پاسپۆرت)، بۆ ئەوەی نەزانـن تۆ کـێت، یان ڕەزامەنـدیت دەرنەبریوە، کە پەنجەمۆرت لێ وەربگرن، یاخود بێ بەڵگە هاتوویتە مەجەرسـتان، یا لەکاتی خـۆیدا داوای پەنابەریت نەکردوە، یاخود بە بۆچوونی دەسەڵات تۆ جێگەی مەترسیت (خەتەریت) بۆ سەر مەجەرستان.

٤ جێ بەجێکردنی ئاسایی: لە کـێـسەکانـی تردا ، فەرمانگای کـۆچـبەران دوای چەنـد مانگـێک بڕیار ئەدا لەسەر داواکەت ئەدات.

گەر هاتو لە وڵاتێک لە وڵاتەکانی یەکیەتی ئەوروپا پەنجە مۆرت هەبوو، ئەوە دەتگـەڕێنەوە بۆ ئەو وڵاتەی کە پەنجە ( ئەمە یاسای دەبلن). گەر مەجەرستانت جێهـێـشت، وە چویت بۆ وڵاتێکی دیکەی یەکیەتی ئەوروپا، وە لەوێ داوای پەنابەریت کرد، ئەو وڵاتە بۆی هەیە بتگەڕێنتەوە بۆ مەجەرستان، بەڵام زۆر جار ئەو شتە ڕوونادات، وە ئەو وڵاتە وا بڕیار دەدات، کە لەوێ بمێنیتەوە. گەر بۆ ماوەی ٣ مانگ لە سنوورەکانی وڵاتانی یەکیەتی ئەوروپا دوور کەوتیتەوە، ئەوە جارێکی تر ناتگەڕێننەوە بۆ ئێرە. جا بۆئەوەی بڕوات پێبکەن گرنگە، کە بە (بەڵگە) بیسەلمێنێت، بۆنمونە (پلیت، پارە، هتد).

فەرمانگەی کـۆچـکـردن دوای ئەمە، (ئینتەر ڤـیو) لەگەڵت ئەنجام دەدات، کە لەو کاتە دەبێ بڵـێت، کێشەکەت جـیـبوو لەوڵاتـی خۆتدا، بۆچی پێویـسـت بوو وڵاتەکەت بەجێ بهـێـڵیت. گـرنگە هەموو شـتـێک بە دووروردرێـژی باس بکەیـت، وە شتە ناخۆشەکان، کەبەسەرت هاتوون، وەکو نازارچەشتن، وشتی دیکە باس بکەیـت. لەکاتی (ئینتەر ڤـیو)دا وەرگـێڕ (تەرجـمان) ئامادە دەبێ، بۆیە لەو بارەوە ترست نەبێیت، گەر لەوەرگێر تێنەگەیشتیت ئەو دەمە قسە بکە! لەکۆتایی (ئینتەر ڤـیو)دا پێویستە وەرگێر قسە یادشتکراوەکانت، بۆ بخۆینێەوە، گەر هاتو لەهەندێ؛ شۆێندا هەڵەی تێدا بوو پێی چاک بکە. داوای کۆپـیـێک (دانە) کە لە کۆنووسەکە بکە. نەو قسانەی کردووتن نەفەرمانبەر، ونە وەرگـێڕ بۆیان نیە بە کەسـێکی دیکە بکەن، بۆیە ڕاشکاوانە هەمووشت باس بکە.

لە کـۆتایی جێ بەجـێکردنەکەدا ٤ شێوە بریار هەیە:

١)وەرگرتنی مافی پەنابەری لەم حاڵەتەدا کارتی ناسنامەی ١٠ ساڵت پێدەدەن، بۆت هەیە کار بکەیت، دەتوانیت ژنـومنداڵـەکانت بیهـێـنـیتە ئێرە، منداڵت بۆی هەیە بڕۆاتە قوتابخانە.

٢)وەرگرتنی مافی پارێزراو: کارتی ناسـنامەی ٥ ساڵت پێدەدەن، بۆت هەیە کار بکەیـت، مندالت بۆی هەیە بڕۆاتە قوتابخانە.

٣)وەرگرتنی مافی مانەوە: مانەوە یان (ئیقامەی) ١ساڵ، ڕوخـسەتی کارکردن زەحـمەتە، بۆت نیە نا تـوانیت ژنـومنداڵـت بیهێـنیتە ئێرە.

٤)گەر داواکەت ڕەتکـرا یەوە (وڵامی نەگەتیڤت وەرگـرت)، لەم کاتەدا، دەبێ بگـڕێتە وڵاتەکەی خـۆت. خۆ گەر ئەو بڕیارەت قەبووڵ نیە، ئەو دەمە لەزۆرترین کاتدا، لە ماوەی یەک هەفـتـەدا (بە خـێـراترین کات) داوا بکە لە دادگـادا، تا بە بڕیارەکەی فەرمانگەی کـۆچـبەراندا بچێتەوە وبیگـۆڕێ. بۆت هەیە بەزمانی خۆت بئەو داوا بنووسیت، کە بۆچی لەو بڕیارە نا رازیت، وە بۆچی ناتوانیت بڕۆیتەوە بۆ وڵاتـی خۆت

دەسـت بەسـەر کـردن: گەر لە سەرەتادا ولەکاتی ئیجرائاتەکاندا گومانیان هەبوو، کە بە تەمای ڕاکـردنـیت، بۆیان هەیە لەتەوقیفدا بتهێڵنەوە (زیندانت بکەن). ئەم دەست بەسەر کردنە، ئەوپەڕی 6 مانگ دەخایێنێ. پاشان دادوەرێک، هەر دوو مانگ جارێک، بڕیار دەدا، کە لەدەسر تەوقیفدا بمـێـنیتەوە یا نا.باسی کێشەی خۆت لەوڵاتدا بۆ دادوەر بکە، یا گەر نەخۆشیت وکێشەی تەنرووستیت هەیە دیسهن ئەوەشی بۆ باس بکە. هەروەها بیت هەیە داوای پارێـزەری کۆمیتەی هەلـسنکی بکەیت.




1 Bicske Refugee Reception Centre
2 Fót Children's Home
3 Vámosszabadi Refugee Reception Centre
4 Balassagyarmat Community Shelter
5 Budapest Airport Immigration Jail
6 Győr Immigration Jail
7 Kiskunhalas Immigration Jail
8 Nyírbátor Immigration Jail
9 Békéscsaba Asylum Jail
10 Nyírbátor Asylum Jail
11 Kiskunhalas Asylum Jail
12 Szeged Border Police
13 Körmend Reception Centre
14 Röszke Transit Zone
15 Tompa Transit Zone
16 Letenye Transit Zone
17 Beremend Transit Zone